högskoleutbildning/ Sorani 138 03-05-14 11.35 Sida 12

## بۆ ئەوەی کە خوێندنەکەت هەڵبسەنگێنرێت

بۆ ئەوەی کە خوێندنەکەت یان شارەزاییەکەت لە پیشەیەکدا هەڵبسەنگێنرێت و بەراورد بکرێت لەگەڵ خوێندنێك یان پیشەیەکی سویدی مەرجێکە بۆ ئەوەی ئەو کەسە بتوانێت کارێکی بدرێتێ بە گوێرەی لێهاتوویی خۆی. دەزگای دەوڵەتی بۆ کاروباری ئاوێتەکردن و بە یەکەوە بەستن بە هاوکاری لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا

کە خوێنەکانی وڵاتانی ترهەڵدەسەنگێنن نووسراوێکی ئامادە کردوە. ئەم نووسراوە ئەوە نیشان دەدات کە دەزگا جیاوازەکانی هەڵسەنگاندنی خوێندن هەر یەکەیان لە کام شێوەی خوێندنهەڵسەنگاندن بەرپرسیارن هەروەها ئەوە ڕوون دەکاتەوە شێوەی ئەو هەڵسەنگاندنە چۆن دەکرێت.

لەو نووسراوەدا ناونیشانی هەموو ئەو دەزگا جیاوازانەشی تیایە.

دەتوانیت چەند دانە لەو نووسراوە داوا بکەیت بۆت بێت لە بەشی بڵاوکردنەوە:

Migrationsverket
Distributionen
601 70 Norrköping

ئێمە ئەو نووسراوەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیسپانی، بۆسنی/سربی/کرواتی، عەرەبی، فارسی، تورکی، سۆمالی، ڕوسی و سۆرانی.ئەم نووسراوانە چاپ نەکراون بەڵام تۆ دەتوانیت لە ماڵ لاپەرەی ئێمەوە بەرێگای ئینتەرنێتدا لە شێوەی فایلی پ د ف دا بیانهێنیت لەسەر ئەم ناونیشانە:

www.integrationsverket.se

ئەم نووسراوە بە زمانی ئاسانی سویدیش هەیە.

**INTEGRATIONSVERKET**

Guldringen 58, Box 633, 601 14 Norrköping
Tel. 011-36 13 00, Fax 011-36 13 01
integrationsverket@integrationsverket.se • www.integrationsverket.se

fax: 036-19 05 46
e-post: jordbruksverket@sjv.se
http://www.sjv.se

Apotekare, barnmorska,
Läkare, sjuksköterska, tandläkare

Socialstyrelsen
106 30 Stockholm
tel. 08-55 55 30 00
fax: 08-55 55 34 20
e-post: socialstyrelsen@sos.se
http://www.sos.se

زانیاری دەربارەی ڕێنوییەکانی وڵاتانی EG وە:
http://europa.eu.int.comm/intenal_market/en/people/qualif/codesv.pdf
(handbok och uppförandekod)
http://europa.eu.int.comm/intenal_market/en/people/qualif/guidesv.pdf

ئەمە تەواوکە بە خستنەسەری پێڕستێك (index) بە گوێرەی
ئەلفابێ بۆ سەر ئەو پیشانە و ناوی ئەو دەزگایەی دەتەوێت؟ بۆ وێنە:

*sjukgymnast, kiropraktiker, (89/48&EEG), receptarie, tandhygienist, tandsköterska (92/51/EEG)*

Socialstyrelsen
106 30 Stockholm
tel. 08-55 55 30 00
fax: 08-55 55 34 20
e-post: socialstyrelsen@sos.se
http://www.sos.se

Trafiklärare
Vögverket
781 87 Borlänge
tel. 0243-750 00
fax: 0243-758 25
e-post: vagverket@vv.se
http://www.vv.se

Universitetslärere
**دەزگایەکی لێهاتوو بەرپرسیار نیە. هەڵسەنگاندن لە لایەن خاوەنکارەوە لە کاتی دامەزران لە سەر ئیشێکدا دەکرێت.**
(universitet och högskolor)

**دەزگا لێهاتوو و بەرپرسیارەکان لە سوید بۆ ڕێنوینی کەرتەکان**

**Arkitekt**
Högskoleverket
Box 7851
103 99 Stockholm
tel. 08-56 30 85 00
fax: 08-56 30 86 50
e-post: hsv@hsv.se
http://hsv.se

Veterinär
Jordbruksverket
551 82 Jönköping
tel. 036-15 50 00

*Revisor (89/48/EEG)*
Revisorsnämnden
Karlavägen 104
Box 24014, 104 50 Stockholm
Tel. 08-783 18 70
Fax: 08-783 18 71
e-post: m@revisornamnden.se
http://www.revisornamnden.se

*Räddningschef (89/48(EEG)*
*befäl i räddningsstyrka,*
*brandman,*
*brandsyneförrättare och*
*skorstensfejarmästare (92/51(EEG)*
Räddningsverket
651 80 Karlstad
tel. 054-10 40 00
fax: 054-10 28 89
e-post: srv@srv.se

*Sjöingenjör,*
*Sjökapten (89/48/EEG),*
*Fartygselektriker,*
8(9)
*Maskinist A och B,*
*Skeppare A och B,*
*Styrman A och B (92/51/EEG)*
Sjöfartsverket
601 78 Norrköping
tel. 011-19 10 00
fax: 011-10 19 49
e-post: sjofartsverket@sjofartsverket.se
http://www.sjofartsverket.se

*Arbetsterapeut, audionom, biomedicinsk analytiker,*
*Dietist, logoped, optiker, ortopediingenjör, psykolog,*
*psykoterapeut, röntgensjuksköterska, sjukhusfysiker,*

**دەزگا لێهاتوە پەیوەندیدارەکان:**

*Advokat (89/48/EEG)*
Advokatsamfund
Box 27321, 102 54 Stockholm
Tel. 08+459 03 00,
Fax: 08-66 07 79
e-post: info@advokatsamfundet.se
http://www.advokatsamfundet.se

*Fastighetsmäklare (92/51/EEG)*
Fastighetsmäklarnämnden
Kammarkollegiet
Box 2199
103 15 Stockholm
tel. 08-700 08 00
fax: 08-700 09 99
e-post: fmn@kammarkollegiet.se
http://fastighetsmaklarnamnden.se

Lärare inom offentliga skolväsendet (89/48(EEG)
Högskoleverket
Box 7851
103 99 Stockholm
tel. 08-56 30 85 00
fax: 08-56 30 86 50
e-post: naric-enic@hsv.se.
http://www.hsv.se

*Flygtekniker*
*(9251/EEG)*
Luftfartsverket
601 79 Norrköping
tel. 011-19 20 00
fax: 011-19 25 75
e-post: luftfartsverket@hk.lfv.se
http://www.lfv.se

## پیشەکانی ڕێگای هەوایی - دەزگای هاتوچۆی هەوایی

دەزگای کاروباری هاتوچۆی هەوایی (LFV) ئەو خوێندنانە هەڵدەسەنگێنێت کە لە بواری فڕیندان ئەمەش بە مانای فڕۆکەوانی هاتووچۆ و تەکنیکزانەکان. بۆ فڕۆکەوان ئەم مەرجانە لە ئارادان: بەشی پشکنینی ڕێگە هەواییەکان بەڵگەنامەی ئەو مۆڵەتپێدراوانە پەسەند دەکات کە بۆ ماوەیەکی سنووردار کار بکەن ئەویش بەو مەرجەی کە کەسی هەڵگری بڕوانامەکە هەموو ئەو مەرجانە پڕ بکاتەوە کە لەسەر هەموو بڕوانامەپێدراوێکی سویدی دادەنرێت. هەندێ جار مەرجی تەواوکردن/پڕکدنەوەی خوێندن و بەڵگەنامەکانیش دادەنرێت لەگەڵ خوێندن و شارەزایی تەواودا. دەربارەی بەڵگەنامەی تەکنیکزانانی فڕۆکە هەندێکیان بەڵگەنامەکانیان ڕاستەوخۆ پەسەند دەکرێت بێ ئەوەی شەرت و مەرجی زیاتر خوێندن و تەواوکردنیان لەسەر دابنرێت. ئەمەش ئەو تەکنیکزانانەی ناو وڵات دەگرێتەوە کە بەڵگەنامەی مۆڵەتپێدانەکانیان لەلایەن دەزگای نەرویجی و دانمارکیەوە پێدراوە و هەروەها ئەوەی کە پێی دەوترێت JAR 66 AML .

## ئایا تۆ لە یەکێك لە وڵاتانی EES و یان EU وە هاتوویت؟

خوێندنەکانی لە وڵاتانی EES و یان EU کراون بە گوێرەی ڕێسا و مەرجی تر هەڵدەسەنگێنرێن. پەسەندکردن و ددانپیانانی خوێندن و لێهاتوویی پیشەکانی وڵاتی سوید، وڵاتەکانی تری ناو یەکێتی ئەوروپا، ئیسلاند، نەرویج، لیختەنشاین و سویسرا هەموویان ڕێنماییەکانی EG دەیانگرێتەوە دەربارەی سەپاندنی یاساو ڕێسا. ئەم سەپاندنی یاساو ڕێسایانەش مانای ئەوەیە کە ئەو کەسە دەبێت خاوەنی ناسنامە، بڕوانامەی ڕێگەپێدراو و ڕیسابۆدانراو بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە بواری ئەو پیشەیەی خۆیدا کار بکات. ئەمەش بۆ وێنە دەرمانگەر، ئەندازیاری بیناسازی، مامان و پزیشك دەگرێتەوە. پرینسیپە بنەڕەتیەکان ئەوەن کە ئەو کەسەی کە لە وڵاتی خۆی شایستەیی و لێهاتوویی درابێتێ کە لە پیشەکەی خۆیدا کار بکات ئەوا دەتوانێت هەر بە هەمان شێوە لە هەموو وڵاتانی EES و EU دا ئەو کارەی خۆی بکات.

تۆش ئەگەر خوێندنێکی وات لە وڵاتێك لە وڵاتەکانی EES و یان EU تەواو کردوە و دەتەوێت لە بواری کارێکی ڕێسابۆدانراودا کار بکەیت پێویستە لای دەزگای پەیوەندیکار و بەرپرسیار داوا بکەیت کە بەڵگەنامەی شایستەیی/لێهاتووییت بدرێتێ. بڕوانە ئەم لیستەیەی خوارەوە.

تۆ دەتوانیت لە دەزگای کاروباری کۆلێجە باڵاکان (Högskoleverket) زانیاری تەواو وەرگریت دەربارەی ئەوەی کە ئایا تۆ پێویست دەکات ڕوو بکەیتە کێ و بە کام لایەن و دەزگاوە پەیوەندی بگریت: www.hsv.se .

سیستەرSjuksköterska
ڕێنوێنی ڕاگرتنی خاوێنی ددان Tandhygienist
پزیشكی ددان Tandläkare

## ئازناوی پیشەی پارێزراوی بێ ناسنامە

زانای بیستن (Audionom)
شیكەرەوەی زیندەوەپزیشكی (Biomedicinsk analytiker)
زانای پارێزكردن (Dietist)
ئەندازیاری ئێسك و گرتنەوەی شكاوی (Ortopedingenjör)

بۆ زانیاری وەرگرتن دەربارەی چەند مزە و مەسرەفێ تێدەچێت پەیوەندی بكە بە دەستەی كاروباری كۆمەڵایەتیەوە (SoS) .

## پیشەی پزیشكیی ئاژەڵ - دەزگای دەوڵەتی بۆ كاروباری كشت و كاڵ

دەزگای دەوڵەتی بۆ كاروباری كشت و كاڵ (SJV) بە هاوكاری لەگەڵ دانیشتگای كشت و كاڵ ناسنامەی سویدی پزیشكیی ئاژەڵ دەداتە ئەو كەسانەی كە خوێندنی كۆلێجی بەرزی وڵاتێكی دەرەوەیان تەواوكردوە. ئەمەش پاش ئەوەی ئەو كەسە پاشكۆی/تەواوكەریی خوێندنەكەی پڕكردەوە. ئەو بەشە تەواوكەرەش پێی دەڵێن خوێندنی تەواوكەر بۆ پزیشكانی ئاژەڵی وڵاتانی دەرەوە (TUVE). ئەم خوێندنە تەواوكەرە بریتیە لە چەند خولێك، كاری پراكتیكی، تاقیكردنەوەی تیێوری و پراكتیكی و هەروەها تاقیكردنەوەی پراكتیكی بە كاركردن. پێش ئەوەی تۆ دەست بەم خولانە بكەیت پێویستە لە تاقیكردنەوەی زمانی سویدی 2 بۆ كاركەرانی بواری چاودێری نەخۆشی دەچوبیت.

## فەرماندە و پیشەی تری دەریایی – دەزگای دەوڵەتی كاروباری دەریاڕانی

تۆ كە خوێندنێكی وات كردبێت كە وەك فەرماندەی هاتوچۆی دەریایی یان پیشەی لەو بابەتە ئەوا پەیوەندی بكە بە دەزگای دەوڵەتی كاروباری دەریاڕانی. ئەم دەزگایە هەموو ئەو خوێندنانە هەڵدەسەنگێنن كە وەك فەرماندە، سەرۆكی پاپۆڕلێخوڕەكان، ئێشكچیانی پاپۆڕلێخورین، سەرۆكی مەكینە ئیشپێكەرەكان، مەكینەئیشپێكەری یەكەم و ئێشكچی مەكینە ئیشپێكەرەكان. ئەو خوێندنەی كە تۆ لەوەپێش خوێندووتە دەبێت پڕی بكەیتەوە/پاشكۆی تەواكاری بكەیت ئەویش بەلای كەمەوە بە خوێندنی ڕێسا و بڕیارە دەریاییە نێودڵەتییەكان كە لە كونفەرەنسی هاتوچۆ دەریاییەكاندا چەسپێنراون، پەیماننامە گۆڕاوەكەی ساڵی 1995 دەربارەی نۆرم و شێواز بۆ ئەو كەسانەی خوێندن لە بواری هاتوچۆی دەریادا دەكەن، بەڵگەنامەی مۆڵەتپێدان و ئێشكگری (STCW 95). بیر لەوە بكەرەوە كە ئەو كەسەی دەیەوێت وەك فەرماندەیەكی پاپۆڕی سویدی كار بكات دەبێت ڕەگەزنامەی سویدی هەبێت.

هەڵسەنگاندنی ئەم جۆرە كار و خوێندنانە بە خۆڕایی یە.

ئەگەر بتەوێت شوێنێکی خوێندنت لە دانیشتگا یان کۆلێجی بەرز لە سوید دەستکەوێت ئەوا مەرج نیە و پێویست ناکات خوێندنەکانی پێشووت هەڵبسەنگێنرێت بەڵام ئەگەر ئەو هەڵسەنگاندنە کرابو ئەوا ئەوە شتێکی باشە ئەگەر لەگەڵ داخوازینامەکەت بۆ وەرگرتنی شوێنێکی خوێندن بینێریت. ئەو هەڵسەنگاندنە لەکاتی داخوازیکردنەکەتا زانیاری دەربارەی پلە و پایەی خوێندنکانی پێشووت یان بڕوانامەکانت دەخاتە ڕوو. هەڵسەنگاندن لەلایەن (VHS) وە بە خۆڕایی یەو هیچ پارەی تێناچێت.

## خوێندنەکانی لە بواری چاودێری نەخۆشیدا بۆ چەسپاندنی پیشەیەك - دەستەی کاروباری کۆمەڵایەتی Socialstyrelsen – SoS

ئەگەر تۆ خوێندنێکت تەواوکردبێت لە بواری تەدروستی و چاودێری نەخۆشیدا ئەو کاتە دەستەی کاروباری کۆمەڵایەتی (SoS) ە کە بەر پرسیارە لە هەڵسەنگاندنی ئەو جۆرە پیشە و خوێندنانە. ئەوان لێهاتوویی و شایستەیی تاقیدەکەنەوە و بڕیار دەدەن لەسەر شەرت و مەرجی پێدانی بڕوانامە/پێناسە و هەر ئەو دەزگایەشە کە ئەو پێناسەیەت پێدەدات. بە گوێرەی ئەو وڵاتەی کە تۆ ئەو خوێندنەت لێ تەواو کردوە ئەم دەزگایە بڕیار دەدات ئایا چە شەرت و مەرجێکی تەواوکردن/پڕکردنەوەی/پاشکۆی ئەو خوێندنەت بۆ دانرێت، ئەویش یان بەوەی کە پرۆگرامێکی تەواوکردن و پرکردنەوەت بۆ دادەنرێت کە دەزگای (SoS) خۆی دەیخاتە بەر دەمت و یان لە ڕێگەی چەند خولێکی کۆلێجی باڵاوە. ئەوەش گرنگە کە لەبیرت بێت کە دەزگای (SoS) تەنها ئەو خوێندنانە هەڵدەسەنگێنێت کە تەواوکرابن. ئەگەر خوێندنێکت دەست پێکردبێت و تەواوت نەکردبێت یان نەتوانیت بیسەلمێنیت کە ئەو خوێندنەت کردوە ئەوا مەجبوریت کە بە پرۆسەی تەواکردن و پڕکردنەوەی ئەو خوێندنەدا بڕۆیت لە بواری کۆلێجی باڵادا.

### دەستەی کاروباری کۆمەڵایەتی بەر پرسیارن لەم پیشانە:
### ئەو پیشانەی کە پێناسنامەیان هەیە:

دەرمانگەڕ Apotekare

چارەسەرکەری نەخۆشی بۆ ڕاهێنانەوە و ورەبەرزکردنەوە لەڕێگەی کارێکەوە/تەراپی Arbetsterapeut

Barnmorska مامان

چارەسەرکەری ئازاری پشتئێشە و ئێسکەکان/پشت تەقێنەرKiropraktor

زمان ڕاستکەرەوە/زانای ڕاستکەرەوەی هەڵەی وتق Logoped

Läkare پزیشك

چارەسەرکەری ئازار بە شێلان Naprapat

چاویلکەگەر/چاویلکەسازOptiker

دەروونناس Psykolog

/زانای دەروونی چارەسەرکەری تێکچوونی ژیری بە ڕێگای سایکۆلۆجی Psykoterapeut

دەرمانەوان/دەرمانگەر Receptarie

سیستەری وێنەگرتنی بە تیشك Röntgensjuksköterska

چارەسەرکەری نەخۆشی بەڕێگەی میکانیکی و وەرزشی لەش Sjukgymnast

**5.** کاتێك كه وەڵامیان دایەوە. وەڵامدانەوەکە یان ئەوەتا ڕاپۆرتێك/ ڕادەربڕینێکە/ بەڵگەنامەی شایستەیی یە و یان ڕەتکردنەوەی داواکەتە و داوات لێدەکرێت کە خوێندنەکەت/پیشەکەت تەواوکەیت/پڕکەیتەوە.

ڕادەربڕینەکە مانای ئەوە یە کە خوێندنەکەی/پیشەکەی تۆیان بەراورد کردوە بە خوێندنێکی/پیشەیەکی نزیك هاوتای سویدی و ئەمەش وەك ڕێنیشاندانێك وایە بۆ خاوەنی کار.
"دان پیانان و سەلماندنی بەڵگەنامەی تەواوکردنی خوێندنی دانیشتگا و پیشەی مامۆستایی – دەزگای کاروباری کۆلێجی باڵا"

## پیشەی مامۆستایی و ئەو پیشانەی کە شەرت و مەرجی هەبوونی ناسنامە ناکات - دەزگای کاروباری کۆلێجی باڵا.

زوربەی جار دەزگای کاروباری کۆلێجی باڵایە کە داخوازینامەکەت وەردەگرێت. ئەوان کاروباری بڕوانامەی ئەو خوێندنە تەواکراوانەی
وڵاتانی دەرەوە دەگرنە ئەستۆی خۆیان کە پێویست بە هەبوونی ناسنامە ناکەن. هەر ئەم دەزگایەشە کە بەرپرسیارە لە پیشەی مامۆستایەتی.
دەزگای کاروباری کۆلێجی باڵا دەتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارانەش بداتەوە کە پەیوەندی هەیە بە خوێندنەکانی وڵاتانی ترەوە ئەگەر خاوەنی کارەکان و دەزگاکانی تر پرسیاریان لێکرد.
تۆش ئەگەر دەخوازیت لێهاتوویی/شایستەیی خوێندنی مامۆستاییەکەت تاقیبکرێتەوە و هەڵبسەنگێنرێت ئەوا پێویستە مزەی ئەو کارە بدەیت وەکو تر هەڵسەنگاندن و ڕادەربڕین بە خۆڕایی یە. بۆ ئەوەش کە بەڵگەی شاییستەییت بە نووسین بدرێتێ پێویستی بەوە دەبێت کە ئەو خوێندنی مامۆستایەتیەی لە وڵاتێکی تر تەواو کراوە بتوانرێت هاوتایی بکرێت لەگەڵ خوێندنە سویدیەکانی مامۆستایەتی ئێستا و جاران. شارەزایی پیشەش لێرەدا بایەخی خۆی هەیە. جگە لەوانەش شەرت و مەرجی ئەوە دادەنرێت کە ئەو کەسە بڕوانامەی خوێندنی سویدی پەیداکردبێت کە لە ئاستی پلەی پاشناوەندیدا بێت بۆ وێنە سویدی پلەی ب، سویدی وەك زمانی دوهەم ب یان تاقیکردنەوە لە زمانی سویدیدا بۆ خوێندکارانی دانیشتگا – Tisus-test.

## بۆ لێهاتوویی/شایستەیی بۆ چونە کۆلێجی باڵا و دانیشتگای سویدی - دەزگای خزمەتەکانی کۆلێجی باڵا

ئەگەر تۆ پێویستت بەوە بێت کە خوێندنەکەت بنرخێنرێت و هەڵسەنگێنرێت بۆ ئەوەی بتوانیت دەست بە خوێندنی کۆلێجێکی باڵای سویدی بکەیت ئەوا پەیوەندی بکە بە دەزگای خزمەتەکانی کۆلێجی باڵا (ڤ ه س Verket för högskoleservice VHS). ئەم هەڵسەنگاندنانە زانیاری دەربارەی لێهاتوویی و شایستەیی بناغەیی و تایبەتی دەدات و بنچینەکەشی ئەو بڕوانامە/نمرەیەیە کە پیاو پاش تەواوکردنی پلەی دواناوەندی وەریدەگرێت. ئەگەر تۆ لە وڵاتی خۆت دانیشتگا یان خوێندنێکی وەك ئەو/هاوتوخمت خوێندوە ئەوا ئەو بڕوانامانە گرنگێی زۆریان هەیە لەکاتی هەڵسەنگاندنەکەدا.

## بڕوانامەکان و وەرگێڕاوەکانیش بنێرە

لەگەڵ داخوازینامەکەتا وێنەی/کۆپیەی ڕاستیمۆرکراوەکانی بەلگەنامەی خوێندنەکەت، دیپلۆمەکەت و لیستەیەکی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندوتە بە زمانە بنەچەییەکە و بە وەرگێڕاوی، کە لەلایەن وەرگێڕێکی بڕواپێکراوەوە کرابێت، بنێرە. ئاگاداری: ئەگەر زمانە بنەچەییەکە ئینگلیزی، فەرەنسی و یان ئەڵمانی و یان یەکێك لە زمانەکانی وڵاتانی باکورن (دانیمارکی، نەرویجی، فینلەندی یان ئیسلەندی) بن ئەوا پێویست ناکات وەربگێڕێن. ئەگەر زانیاری تریشت لایە دەربارەی خوێندنەکەت بۆ وێنە

نەخشەی خوێندنەکە ئەوا ئەوەش لەگەڵ داخوازینامەکەتا بنێرە. چونکی ئەو شتانە لەکاتی هەڵسەنگاندا ئاگاداری و زانیاری بە نرخن.

## پرۆسەی داواکردن

جا ئەم هەڵسەنگاندنە چەند کاتی دەوێت و بە چە شێوەیەك دەکرێت لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی تر دەگۆڕێت. جاری وا هەیە وا پێویست دەکات کە تاقیکردنەوەی تیێوری و پراکتیکی بکەیت و یان خوێندنەکەت پڕ بکەیتەوە و تەواوی بکەیت. بۆ وەرگرتنی وەڵامی تەواو و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بەو دەزگایەوە کە بەرپرسیارە لە هەڵسەنگاندنی بڕوانامەکانت.

1. بڕوانامەکانت وەرگێرە. ئەگەر بڕوانامەکانت بە زمانێك نووسرابن کە ئینگلیزی، ئەڵمانی، فەرەنسی یان ئیسپانی نەبن یان بە یەکێك لە زمانەکانی وڵاتانی باکور نەبن ئەوا پێویستە لای وەرگێڕێکی باوەڕپێکراو وەربگێڕێن. ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە بڕوانامەکانت بەریتە بیرۆیەکی وەرگێڕان، ناوی ئەم بیرۆیانەش لە لاپەڕە زەردەکانی کەتەلۆگی تەلەفۆندا دەدۆزیتەوە. ئەم ڕێکخراوە : Föreningen auktoriserade translatorer ناوی هەموو وەرگێڕەکانی لایە.ماڵەپەڕەی ئەم ڕێکخراوەش لە ئینتەرنێتدا لە ژێر ئەم ناونیشانەدا دەدۆزیتەوە: http://www.eurofat.se . دەشتوانی پەیوەندی بە دەزگای کاردۆزینەوەوە بکەیت و لەگەڵ کاربەدەستەکان باسی ئەوە بکەی کە چە یارمەتیەك بۆ مەسرفی هەقی وەرگێڕان دەتوانی لەوانەوە وەرگریت.

2. داخوازینامەکە پڕکەرەوە. لەبیرت نەچێت کە هەموو بڕوانامەی خوێندن و بڕوانامەی کارکردنەکان پێکەوە لەگەڵ داخوازینامەکەتا بنێریت.

3. تەواوکەرەکان. ئەوەش بەگوێرەی ئەوەی کە ئایا تۆ دەتەوێت کام پیشەت بۆ هەڵسەنگێنن لەوانەیە وا پێویست بکات کە تاقیکردنەوەی تیێوری و پراکتیکی بکەیت یان خوێندنەکەت پڕبکەیتەوە/تەواوی بکەیت.

4. چاوەڕوان بە. هەڵسوڕاندنی کارەکانت لەوانەیە زۆر کاتی بوێت. بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە وەڵامی ڕاستەوخۆ وەرگریت پەیوەندی بکە دەزگای بەرپرسیارەوە.

## ئایا تۆ خوێندنی کۆلێجی باڵا/زانستگای باڵات لە وڵاتێکی تر تەواو کردوە؟ کەواتە ئەم شتانە بخوێنەرەوە!

ئەم نامیلکەیە ڕوو دەکاتە تۆ کە خوێندنێکی کۆلێجی باڵا/ زانستگای باڵات لە وڵاتێکی تر تەواو کردوە و/یان ئەزموون و شارەزایی پیشەیەکت لە وڵاتێکی ترەوە پەیدا کردبێت و بتەوێت ئەو خوێندن و شارەزاییەت لێرە هەڵسەنگێنرێت. هەڵسەنگاندنیش مانای ئەوەیە کە شایستەیی و لێهاتوویی تۆ بنرخێنرێت و بەراوردبکرێت لەگەڵ خوێندنێکی یان شارەزایی و ئەزموونێکی هاوتای سویدی. پاش هەڵسەنگاندنەکە ڕاپۆرتێك/ڕاەربرینێکی یان بروانامەیەکی شایستەییت بە نووسین بۆ دێت کە تۆ لە دواییدا دەتوانیت بەکاری بهێنیت کاتێك داوای کارێك یان وەرگرتن لە خوێندنێك دەکەیت. ئەو بروانامەیە/راپۆرتە/ڕاەربرینە ڕێنیشانەرێك دەبێت کە ستایشە بۆ خاوەن کار و ڕێکخراوە سەندیکاییەکان کە ڕەچاوی بکەن لە کاتی دامەزراندنی خەڵکدا بۆ کارکردن.

لەم لاپەڕانەدا کە دێن زانیاری دەداتە تۆ بۆ ئەوەی بزانیت بۆ هەڵسەنگاندنی پلەی خوێندنەکەت ڕوو بکەیتە کوێ و چی و چۆن بکەیت.

خۆ ئەگەر تۆ بڕوانامەی خوێندنێکت هەیە کە لە یەکێك لە وڵاتانی EES/EU وە وەرتگرتبێت (* ئەو وڵاتانەی کە ئەم ناوچانە دەگرنەوە) ئەوا هەندێ ڕێسا و مەرجی تر لە ئارادان. ئەو مەرج و ڕیسایانەش لە لاپەڕە X دا ڕوون کراونەتەوە.

### تۆ فۆرمێکی داخوازینامەت پێویستە

ئەگەر نیازی ئەوەت هەبوو کە بڕوانامەی خوێندنەکەت بۆ بنرخێنرێت/هەڵسەنگێنرێت ئەوا لە پلەی یەکەمدا ڕوو بکەرە ئەم شوێنانە:

- دەزگای کاردۆزینەوە
- کەمپی پەنابەران
- ڕێنوێنیکەری خوێندن و پیشە لە قوتابخانە پاشناوەندی یەکان و خوێندن بۆ گەورەکان
- بەشی ڕێنماییکردنی سەر بە کۆلێجە باڵاکان
- دەزگای وەرگرتنی پەنابەرانی سەر بە شارەوانی و یان
- بیرۆی کاروباری بێگانان

لەو شوێنانەی ناومان بردن دەتوانیت یارمەتی وەرگریت بۆ پڕکردنەوەی ئەو فۆرمە تایبەتەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراوە. پاشان ئەو فۆرمەش بۆ کوێ و بۆ چە دەزگایەك دەنێریت ئەوە بەستراوەتەوە بە جۆر وبەشی ئەو پیشەیەوە کە تۆ هەتە.

لەم لاپەڕانەدا کە دێن دەتوانیت زانیاری دەربارەی ئەو دەزگایانە بخوێنیتەوە کە بەرپرسیارن لەو پیشەیەی کە تۆ دەتەوێت. دەشتوانیت کە لەو شوێنەی فۆرمی داخوازینامەکەت وەرگرت هەر لەوێش دەربارەی ئەو مەسەلانە بپرسیت.

högskoleutbildning/ Sorani 138 03-05-14 11.34 Sida 1

# بۆ ئەوەی ئەو خوێندنەی
# کە تۆ خوێندووتە هەڵبسەنگرێت



نامیلکەیەکی بەردەست بۆ ئەوەی ئەو بەڵگەنامەی خوێندن و
شارەزایی پیشەییەی کە لە وڵاتێکی تر کردوتە دانی پیابنرێت

INTEGRATIONSVERKET